سەرۆک وەزیران ڕێگای (یا حوسێن) لە پارێزگای زیقار دەکاتەوە

ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ڕێگای (یا حوسێن)ی لە پارێزگای زیقار کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە« محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێگای (یا حوسێن)ی لە سەنتەری شاری ناسریە، لە پارێزگای زیقار کردەوە، کە ئەم بەیانییە گەیشتە ئێوە.

هەروەها وتی" ڕێگاکە لە دوو بەش پێکدێت، یەکەمیان درێژییەکەی 3 کم و چوار هێی سەرۆکی و خزمەتگوزاری، شەستەی ناوەڕاست، شوێنی سەوزایی، و شوێنی دانیشتن لەخێی دەگرێت، وبەشی دووەم پێکهاتووە لە دوو هێڵ کە درێژییەکەی 800 مەتر دەبێت، لەگەڵ شەستەی ناوەڕاست و شریتێک لە باخچەی تەنیشت ڕێگاکە، وروونیشکردەوە کە ئەم پرۆژەی ڕێگاکە لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی (سندووقی ئاوەدانکردنەوەی زیقار) جێبەجێ کراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد" ڕێگای یاحوسێن بەپردێکی پیادەی کارەبایی کراوە کە پایە و بەرزکەرەوەی کارەبایی لێخەدەگرێت.